
# هێندێك بیرەوەریی ڕۆژانی كاژێك

نووسینی : ئازاد مستەفا

١٩٨٥

چاپی : شێركۆ هەژار

٢٠١١



کاکە حەمەگیان

تۆ و من، وەك دەزانیت، بە هەمووی ساڵ و نیوێك ( ١٩٧٣-١٩٧٥ ) هاوبیرو هاوخەباتی هەمان ڕێکخراو بووین . چەند جارێك دوای ئەوە بێهوودە هەوڵمان دا لەیەکتربگەین و دیسان پێکەوە دە ڕێکخراوێکدا کۆببینەوە . بەڵام، ویڕای هێندێك هەورازو نشێوی نێوانیشمان، خۆشەویستی و ڕێزمان بۆ یەکتر تاسەر هەر هەبوو . هەرچەندە من بە تەمەن هەر دوو ساڵێك لە تۆ گەورەتر بووم، بەڵام من لەوەتای تۆم ناسیوە و تا ئێستاش، تۆم بە کوڕێکی زۆر خۆشەویستی خۆم هەست پێ‌کردووە و، تۆش بەو دڵە گەورەتەوە، کە لە دڵی من گەورەتر بووە، تووڕەیی و تۆسنیی براگەورەییت لە من قەبووڵ کردووە .

تۆ ئەم نووسینەت بۆ ئاشنایەکت لە سوێد ناردبوو . پێت وابوو ئەو ئاشنایەت ئەم نووسینەت بۆ لە فەوتان دەپارێزێت و، ئەگەر خۆشت نەمێنیت ئەم نووسینەت لەودەستە ئەمینەدا دەمێنێت و ،لە ڕێگای ئەوەوە بە زانیاریی مێژووی کورد دەگات . وێنەیەکیشت لێ، هەروا بۆ ئاگاداری، بۆ من ناردبوو . من ئەوسا هەم ڕەخنەی زۆرم لە ناوەرۆکی نووسینەکەت هەبوو و، هەم ئەوە کە بۆ ئەو کەسەت ناردبوو . من ئێستاش تێنەگەیشتم چۆن گوتووتە جەمال نەبەز " میللەت و وڵاتی خۆی زۆر خۆشدەوێ"، خۆشەویستیی چی ؟ کەسێك بۆ خاتری مەرحەبای چەند ئەرمەنیەك لە بەرلین چەندین شوێنی وەکو دەرسیم لە نەخشەی کوردستان داپاچێت و بیدات بە ئەرمەنستان پێی‌دەگوترێت " دڵسۆز" ؟ ئێمە چەندین و چەندین کاری دژی نەتەوایەتیی کوردی ئەو کەسەمان باس‌کردووە . ئەوجا پێوەندیی‌کامیل ژیرو تاها جەزراوی لە دژی شەفیق‌ئاغای نوێنەری سەرۆك بارزانی لە سلێمانی و چەندین هەڵوێستی تری خیانەتی ئەو تاقمەی خاین بە بیرو بزووتنەوەی نەتەوەیی‌کوردت بە هیچ جۆرێك باس نەکردبوون . لە ئەزموونی ئەو ساڵەش کە ئێمە ڕابەریی" سەرکردایەتیی‌کاتیی‌کاژیك"مان کرد ، هیچ بیرەوەرییەکی ریزەکانی پێشمەرگایەتیت باس‌نەکردبوو . لەیادتە چۆن چوویتە جەبهەی" کوڕەك" و بە نێوان شوێنی‌کەوتنی‌گوللەتۆپەکانی دوژمندا بەیانی کاژیکت بە سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا بڵاودەکردەوە، کە من بۆ بەرز ڕاگرتنی ورەی پێشمەرگەم نووسیبوون و، ئا هەر ئەوسا لە یەکێك لەو سەنگەرانەدا گوللەیەکی دوژمن سولەیمانـ (سلەی قەساب)ـی پێکا، سولەیمان کەوت، وریا هەڵیگرتەوە و سولەیمان هاواری کرد" بە قوربانی کاژیك بم"!، چەندو چەندی تر .

تۆ بەشێکی زۆری ڕەخنەکانمت قەبووڵ‌کرد ، ددانیشت بەوەدا هێنا کە نەدەبوو ئەم نووسینە بۆ ئەوکەسە بنێریت، بەڵام لە سەر ئەوە سوور بوویت کە نووسینەکە خۆی لە خۆیدا پێویست بووە و، ئەو زانیارییەی تێدایە، بە هەموو کەموکوڕییەکانیشیەوە، دەبێت بپارێزرێت و " لە داهاتوودا" بە چاپ بگات .

ئەوە ئارەزووی ساڵی ١٩٨٥ی تۆ بوو و، چوار ساڵێك دوای ئەوە بەجێت‌هێشتم .

منیش وا پتر لە بیست ساڵ دوای ئەوە، چاوەڕوانیی بە جێهاتنی ئەو ئارەزوویەتم کرد، بەڵکو نووسینەکەت بە شێوەیەك لە شوێنێکەوە سەرهەڵێنێت و، خوا بکات دەرکەوێت کە من لە هەڵسەنگاندنی ئەو کارو ئاشنایەتدا هەڵە بووم. "بەدڵ" حەزم دەکرد "عەقڵم" بەتایبەتی ئەمجارە هەڵە بوایە. بەڵام داخەکەم، وا دوای ئەو هەمووە ساڵانەی چاوەڕوانیی بێهوودە، ئا لەم تەمەنەمدا کە دەکرێت لە هەر لەحزەیەکدا کۆتایی بێت، دەبینم ئارەزووی چاپ بوونی ئەم نووسینەت هەر پێکنەهاتووە و، هەر یەك ڕێگا ماوەتەوە: پێش ئەوە پێکبگەینەوە من خۆم باسەکەت بۆ چاپ بکەم.

کۆپیی ئەسڵی دەستخەتەکەت و تایپکردنی وەکو خۆی بە بێ هیچ دەستکارییەك بڵاودەکەمەوە و، ئەوەش کە تۆ خۆت ناوێکت لێ نەنابوو، من هەر وا لای خۆمەوە ناوم لێ نا" هێندێك بیرەوەریی ڕۆژانی کاژێك"، خوا بکات پێت باش بێت.

چاوەکەم کاکەحەمەگیان

من ئەو عادەتەم نیە کتێبی نووسینی خۆم یا وەرگێڕانم یا هەر بەچاپگەیاندنێکم پێشکەش بە کەس بکەم، بەڵام تەنیا ئەمجارەیان لێرەدا، منیش ئەو کارە دەکەم، چونکە من ئەم کارەم هەر بۆ تۆ کردووە، ویستی تۆ نەبوایە نەمدەکرد. چاپی ئەم باسە، بە خۆت، هاوخەباتی پڕهیواترین ساڵ و نیوێکی ژیانم و، لەوساوە و هەتاسەر کوڕی خۆشەویستم، محەمەدی خۆم کاك ئازاد پێشکەش دەکەم

شێرکۆ

٢٠١١/٣/١٩

١٩٨٥/١١/٧

سالّی ١٩٧٠، پاش تەجرەبەی تفت و تالّم لەگەلّ بالّی ( جەلالی) پارتی دیموکراتی کوردستاندا و پاش شکستی ئەو باڵە و ریسوا بوونی، لەباتی ئەوەی دەستی تەسلیم بوون بەرزکەمەوە و بە حەیای ونجرِ ونجرِ بووی چەند سالّەی عومری بەهەدەرچوو و دەستی براوەوە دانیشم، هەروەك لە ( لاشعور)ەوە بەمویّ تـوّلّەی رابـردوو بـکەمەوە - بە ریّکەوت!- ریّم کەوتە لانەویّرانەی (کاژیك)ەوە، ئەو روّژەی یەکەمین (کاژیك)یّکم دیت خوّشترین روّژی ژیانم بوو .
هەرچەندە زوّریان هیّنام و بردم تا دەروازەی رەحمەتیان لیّکردمەوەو بە رەسمی وەریانگرتم،تا ئەوساکە هیچ شتیّکی (کاژیك)یان پیشان نەدابووم، هەر بەدەمی هەندیّ باس و خواستیکوردستانیگەورە و یەکگرتنەوەو سەربەخوّی و ئازادیی کوردستان و کوردیان بوّ دەکردم و لە تەلیعاتیفەی ناسك و سەرهەڵکردووی مەغدوریەتی نەتەوایەتیما- نیان دەدا . ئیتر باقی یەکەی لەسەر خوّمان بوو کە خەونی سەوز بەو کوردستانە یەکگرتووەو یەکپارچەیەوە ببینین و بەرد بەرد کیان و دەولّەتیکوردی لە خەیاڵدا هەلّبچنین و (تصوَر) ی ئەو(مهدی المنتظر) ە و پالّەوانە ئەفسانەیە بکەین کە روّژیّ، وەك روّژی قەیامەت، رادەپەریّ و زیندەخەوی رەوای هـەموو کـوردیّ دیّنیّتە دی . ئـای چ خەونیّکی خوّش بوو!، خوّزیا هەر بەو خەونیغەفلّەتەوە سەرم بنایایەتەوە... پاش سیّ سالّان تاشیّ سەهوّلّ بەسەر کـەلاوەی ویّران و مالّی چوّلّ و ( شیّخی کەرەشین) دا هـەموو ئەو ئـاوات و هیوا و بروایەمی دانەتەپاندایە! ...
هەرچەند بکەم ناتوانم شەبەنگی ئەوعالەمەی بوّمان نەخشیّنرابوو و پیّمان( تلقین) کرابوو و خوّشمان بوّ خوّمانمان رازاندبوّوە نـە بە نووسین، نـە بە قسە، نـە هیچ دەربڕم و ویّنەی بکیّشم . بروا ناکەم لە هەموو میّژوودا هەرگیز چاوبەستیّکی وا، هیّرکردنیّکی وا بوویّت و بشبیّت .
پاش ئەوەی سالّیّ بوّرە مارەیی (کاژیك)م خرابوّ سەر، ئەوسا وەکو (امتیاز) یّك (کاژیکنامەی پیروّز!!!)یان بوّ هیّنام، کە بە دەستخەت بوو، بەمەرجیّ لە حەفتەیەکدا بگیّرمەوەو دە نوسخەشیان بە دەست بوّ لیّ بنووسمەوە!، هیچ موسوڵمانیّ ئـاوا بە دیار پیت و وشە و رستەی قورئانەوە ئەبلّەق نـابیّت وەك من لە هەر وشەیەکیدا خوّم ون دەکرد و لەبیردەچوّوە؛ پیّم وانەبوو پیّش ئەو( کاژیکنامە پیروّزە) خەتیّکی مقدسی تر رەش بووبیّتەوە و رەش ببیّتەوە، بوّیە تەواو تەواو بە عەقلّمدا چووبوو کە ناشیّ و ناکریّ و کوفرە رەخنە لە ( کاژیکنامە) بگیریّ، هەر ئەو قسەیە بەس بوو کە لای خوّمەوە دەیان (تنظیر)ی بوّ هەلّبەستم و زوّر زوّر بەقەناعەتیشەوە بەو دوو سیّ بەدبەختەی دیکەی لام بوون تـەلقین کەمەوە . کە بوّ یەکەمین جاریش ( حقیقة کاژیك) م بە چاپکراوی دیت و لەبەرگەکەی

نووسرابوو ( طبع علی مطابع کاژیك فی أوروپا)، لەخۆمەوە ئەوەم چووبوو مێشکەوە کە دەبێت نیوەی بن عەردی بەرلینی خۆراوا، لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری دالآنی پان و بەرین بێ و دەیان مەکینەی چاپ شەو و رۆژ چرکە چرك لەکاردا بن و دوڕی بیری نەتەوایەتی بقلّیشێنن... لەو کتێبولکەیەدا لە شوێنێکیدا دەڵێ - طبعاً دەقەکەیم لە یاد نی‌یە، بەس ماناکەی وایە گوایە!-کاژیك حیزبێکە کەسانێکی پسپۆڕو شارەزا و وەستا لە زانست و هونەری سیا-سەتدا رابەرایەتی دەکات و شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستانەی هەموو رووداوەکان دەکەن و لێکیدەدەنەوە... هەر تەواو تصوّری ئەوەم دەکرد کە لە بینایەکی گەورەدا، باڵدار لێی نێزیك بێتەوە باڵی دەشکێت، لەو دیو و دەرگای ئاسانەوە دەیان (مارکس) - مارکس حەددی نەبێت !!- دانیشتوون و ریشیان بەسەر ئەو کتێبە زل زلانەدا بەرداوەتەوەو وەکو ( جامی جەم) هەموو دنیایان لەبەرچاوە!..

بە شەرەفم کەمترین (تصوّر) یکم ئەو دوو زیندە خەونە بوون و تەواویش لام ببووە راست . خوا هەڵناگرێت کەس ئەوانەی بەو جۆرو( تصوّر)ە پێنەوتووم، بەڵام جۆر و شێوازی رێکخستنەکەو تلقینات و تلمیحاتەکەی رێکخەری یەکەمم شتێ بوون بەرەو ئەو( تصوّر) ەی بردووم( ئێستە کە دەمەوێ ئەو کەرێتی‌یەی خۆم بەرمەوە سەر ماکەکانی، یەك لەو سەرەداوانەی دەستم لێیگیردەبێ و نابێ شەخصی ئەو رێکخەری یەکەممە،ئەو مامۆستا بوو و لە مەلا-یەتی‌یەوە پێگەیبوو، زۆر تەردەست و زمان لووس و عەیار بوو، دوور نی‌یە ئەو شێوازە ئاینی و میتافیزیکی‌یەی بەهەشتی نادیاری پێ دەرازێننەوە تێکەڵی هەستی نەتەوایەتی دەمارکشتمی کردبێ و خستبێتیە سەر شەقامی ئەو( تصوّر) اتانە، هەرچەندە بۆخۆشی لە ئەساسدا عەمەلیەیەکی هێرکردن و چاوبەست هەر لە دەروونی کاژیك و رێکخستنەکەیدا هەبووە، داتاشینی شتی نەبوو لەهیچە وەك ( سەرکردایەتی گشتی، سەرکردایەتی ناوەندی، لیژنەی پەیوەندی، سەرکردایەتی هەرێمەکان ئەوجا لق و مق و ئەو شتانە..! کەچی هەرهەمووشی تاکە یەك کەس بووەو بەس!.. رێکخستنێ کە وامان برابۆ عەقڵەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ( بەس بیرم نایەت باس لە پارچەکەی سۆڤیەت کرابێ!)، لە هەموو کەلێن و قوژبن و گوندو شارێکیدا رەگ و ریشاڵی قووڵ و پان و بەرینی داهێشتبێ و تا بەر لووتی بارزانی رەحمەتی چووبێت (شێخ محەممەدی هەرسین و محەممەدی عەزیز(حەمەی عەزەدۆم) حامل الاختامی شۆڕش بوون) کەچی توومەس کاژیك لە پردی قلیاسان بەولاوە نەرۆیشتووەو بە هەرچی هەیبووەو نەیبووە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣دا لە ٣٠ کەس ( نیویشی سەقەت و سقوت و بێ عەمەل!) تێپەری نەدەکرد...

من کوردێ نالێم کە حاڵ و باڵ و شان و شەوکەتی کزو کزەڵەی پاسۆك دەبینێ و قەشمەر پێکردنی « مەنجەڵێ یاپراخ» دەزانێ، تۆ وەرەو ئەو کتێبەی (د.نەبەز) - بیری نەتەوایەتی کورد.....- وەرگێڕەرە سەر زمانێك و بێگانەیە

ببینێ و پاشان لێی بپرسەوە :« قوتابخانەی سۆسیالیزمی کوردی» و « بیری نەتەوایەتی!!» لە کوردستاندا لە چ دان و چۆنی ( تصوّر) دەکەیت ؟. . ئەرێ ئەبێ پێی وانەبێت هاکا شەوی « سەرکردایەتی کلاسیک» و « هوردە بۆرژوا» - بە تەعبیری د. نەبەز! - هەموویانی پێچایەوە و رۆژی درەخشانی « قوتابخانەی سۆسیالیزمی کوردی» هەڵهات و تیشکی زێرینی بەسەر هەموو خۆرهەڵات و دنیاشدا کشا؟!! بڕوا ناکەم کەس بووبێت ئەوەندە رووی قایم بێت تەقڵە بە هەرچی راستی و« وقائع وحقائق» هەیە بدات و دواییش بە خوێنساردییەوە بڵێ { هیوام وایە کە بەم کارەم خزمەتێکی گچکەی( طبعاً مەبەستی زۆر گەورەیە! ) کولتووری سیاسی و فەلسەفیی کورد و رۆژ-هەڵاتم کردبێ!!! }(١)

ئا ئەم ئیدیعائات و تلقین و شاخ و باڵ رواندن و درۆ و دەلەسانە { زۆر شەرمەزارم کە ناچارم ووشەی درێو بە دەمدا بێنم }ی ئیمڕۆ، کە خەڵکی بە راستی چاوی کراوەتەوە و موو لە پەنجەی ساغ دەردێنێ، بە پازدە، بیستساڵێکی پێش ئیمڕۆی بگرە، کە خەڵکی وەك رانە مەڕ دەدرانەپێش و دەیانی وەکو من - بێ ئەوەی هیچ بەرژە-وەندیەك و مەبەستێکی گومڕام بووبێت - تەنیا بە ( سوء الاستفادە) لە هەستی نەتەوایەتی و نیازی کوردایەتی دەیانکێشاینە نێو تانکی داگیرکەرەوەو لەسەر ئاخوڕی بەکرەجۆ دایاندەبەستین، دەشیانووت : ئەمە (کوردایەتی پێشکەوتنخوازانە)یە و بڕواشمان دەکرد !!!، ئەوسا مرۆ تێدەگات کە ئەی خودایە ئەو رۆژانە چ کرابێ و چ گوترابێ و چ وەهم و خەیاڵێکی نەخۆش و زەرد لە ( زرکە کاڵی) ئەو خەڵکەدا رۆکرابێ؟؟؟!

خەریکم یەك دوو هۆی دیکەش بۆ سەرگرتنی ئەو جادووەو هێرکردنە گشتییە لە (کاژیك)دا وەدۆزم... یەکەمیان بەوەم دێتە بەر هەست کە ئەو رۆژانە( بە تایبەتی پاش ١٩٧٠) هەرچی کۆڕو کۆمەڵی سیاسی کوردی وعێراقی هەبوون یا تەواو فەشەل و ریسوا بوون یا بێ عەمەل و عەیبدار بوون، ئەوە قوتابخانەی جەلالیەت و ( حیزب) ــ ئەو رۆژانە بە باڵەکەی جەلالی دەگوترا (حیزب)، خۆ فعلاً ئەوانیش حیزب بوون، قسەم لە سەر چاکە و خەراپە نییە، قسەم لە سەر حیزبەکەیە، چونکە لە ئاژاوەکەی ١٩٦٤دا هەموو سەرکردایەتی و دەزگا حیزبییەکە ڕەگەڵ (جەلال و برایم) کەوتن، بارزانی رەحمەتی خۆی و عەشرەت و رەش و رووتە ناحیزبیەکان کەوتبوونە لایەك و(حیزب) یش لەلایەك! دواییش حیزب بە ( غیر نظام) - غەیرە نیزام!-) دەرچوو و ریسوا بوو... .

حیزبی شیوعی، ئەگەرچی لەدوای ٩٦٣وە چووبۆ ژێر سایەی سەرۆك بارزانی و شۆرشەوە بەڵام هەر بە دڵاندا

---

(١) - ل٢٦ ،دێری (١٨ و ١٩)ی { هێندێك لە کێشە بنەڕەتی یەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم }.

نـەدەچوون و سیاسەت و بۆچوونیان - کەمترین شتێ بووترێت ئەوەیە کە - تینوویەتی هەستی نـەتەوایەتی خـەڵکی نەدەشکاند، ئەوە جگە لەو یادو یادگارە زۆر تاڵانەی پێش ٩٦٣و بەتایبەتی (٩٥٨-٩٦١) و هەڵوێستی کۆسمۆ-پولیتانەی شیوعی‌یە کوردەکان لەو سەردەمانەدا ئەوانیشی لەبەرچاوی خەڵکی رەش کردبوون، یا با بڵێم یـەکێ کوردایەتی بکردایە لە نێو حیزبی شیوعی دا نەیدەدۆزیەوە...

(مەلایی)ش کە دوایی بوونەوە (پارتی)، پاش ئەو گیانکێشان و خوێن لەبەر هەڵگرتنەی ٩٦٤ی پارتە ئەسڵی‌یەکە، هەر بەناو حیزب بوو، رەفتاری لیپرسراوانی شۆرش و هەڵپەو فشەی زۆربەیان بەدووی دەستکەوت و ماڵی دنیاو (تفاهات)ەوە و زاڵ بوونی (پاراستن) بەسەر حیزبایەتی‌دا، برا ئەسڵەن باوەڕنەبوونی بارزانی رەحمەتی بە حیزبۆکە و میزبۆکە، هەستێکی وای رسکاندبوو کە (پارتی) دەزگایەکەو بەس حیزب نی‌یە،هەرنەبێ بەو مانا و( تصوّر)انەی لە رووی تیوریەوە لەسەر حیزبایەتی دەبینرا، بۆیە ئەوەی بە( جدّی) بوایە و بیویستایە حیزبایەتی بکات و باوەڕی بە سەرەتاکانی حیزبایەتی بووایە دڵی بە حیزبایەتیەکەی پارتی ئاوی نەدەخواردەوە و یاری دڵخوازی تێدا نەدە-دیتەوە .

ئیدی چی مابوو؟! تـەنیا هەمانە فوودراوەکەی (کاژیك) کە لە دەرەوەو بە فوودراوی تاکە هەمانەی هەڵئاوساو و چاو لە خشتەبەر بوو، قەت قەتیش کەس رێی نەبوو لەناوەوە راستیەکان ببینێ بۆیە (دوورکوژی نێزیك خـەسـار) ئەو هەموو هیوا گەورەیەو (وهم)ەی لەسەر هەڵدە چنرا... . هۆی دوەمیان بە رای من ئەوەبوو : کە ئێمە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣دا، دیسانەوە دەڵێم بە رێکەوت و پاشان دێمە سەر باس کردنی، بەسەر ئەو راستیانەدا کـەوتین و چاومان کرایەوە، ئەوەی زۆر سەیر بوو بەشی هەرە هەرە زۆری ئەوانەی ئەو رۆژە (کاژیك) بوون - نێزیکەی ٨٠ ٪ ی - کۆنە جەلالی بوون، ئەو شەش (بەناو) کادیرەی ئەو رۆژە مەسەلەکەمان گرتەدەست (پێنج)یان جەلالی بوون - شەشەمیان زۆر متأکد نیم، بەڵام زۆر پێ‌دەچێ ئەویش جەلالی بووبێت -، ئەوەی پێشی‌دەوترا قواعد و فەرێکی پێوەبوو دیسانەوە لەو ٣٠ کەسە { پێم‌وایە کەمتریش بوو لە ٣٠، بەس با وای دانێین }، هەروا (٢٥) کەسێکیان جەلالی بوون .

ئەمە سەرنجم زۆر رادەکێشێ، وای تێ‌دەگەم و لە خۆشمەوە دەروانم : کەسێکی پاك و بێ نیاز، نـەتەوەیی و کورد-پەروەر چەند ساڵی دەستی ببرن و بە زاخداکەن، " جاشێتی " پێ‌بکەن و بە" کوردایەتی پێـشکەوتنخواز"(١)ی بۆ

---

(١) - ئەمە تەعبیرێکی (شائع)ی مام جەلالە .

برازێننەوە، لەپڕێکا دەرکەوێت ئەوەی ئەو بە عەقڵی خۆی بە خەبات و کوردایەتی و سیاسەتی زانیوە، خەیانەت و جاشێتی بووە!،( لەولاشەوە لەمپەرێکی نەفسیشی ( لەبەر ئەو هۆیانەی پێشوو و هی دیش) لەگەڵ حیزبەکانی دیدا بۆ دروست بووبێت... دەست لە سیاسەت هەڵنەگرێ و بیەوێ تۆڵەی رابردوو بکاتەوە یا ئیسپاتی بکات کە ئەوەی ئەو کردوویەتی ( هەرنەبێ بەلای ئەوەوە ) کوردایەتی بووە و ئەو بە نیازی کوردایەتی کردوویەتی چ بڵێ جاشێتی دەرچووە؟!!... رێی بکەوێتە حیزبێکەوە کە نەتەوەیی‌یەکی خەست خەست بێ و دنیا و دارو بەرد و خوا لە چاوی کوردەوە ببینێ یا وا ئیدیعا بکات ... بە ( نظری) و قسەو فیشاڵیش بێت خەونێکی رەوای ئەو بنەخشێنێ و بۆی برازێنێتەوە،کەسێکی وا زۆر تەبیعی‌یە چاوی توندتوند بنوقێنێ و نەیکاتەوە نەبادا خەونەکەی تەری بێت . من بۆخۆم، بەم عومرو عەقڵەشەوە خوا بیبڕێ!، حاڵەتی وام بە سەر هاتووە خەونی خۆشم دیتوە کە لە نێوقەدی‌دا خەبەرم بۆتەوە . خۆم مات کردۆتەوە بۆ ئەوەی خوایە خەو بمباتەوە و خەونەکە تەواوکەم... پیاو کە لە عالەمی ماددی و حەقیقی‌دا شتەهایەی دڵخوازی خۆی چنگ نەکەوێ، چ بکات؟ پەنا دەباتە بەر خەون و خەیاڵ . تەماشا، تەماشا! ئەو مارکسە قوڕمساغە چەندە بلیمەتانە رێ بۆ مەقوەلەکەی ( الدین أُفیون الشعوب) خۆش-دەکات(٢)، هەرچەندە من ئەو مەقوەلەیە بە ناماقوڵی دەزانم، بەڵام خۆ بە تۆپزیش بێت تەفسیرێکی زۆر رێ تێ-چووی بۆ دۆزیوەتەوە نەهاتووە وەکو کاکە (دۆستی)یە فەندی ژمارە(٥)ی هەڵوێست تفەنگی چروك بە بۆشایی تاریکیەوە بنێ و گێلانە زاراوەی ( ئیمپریالیزمی کەلتووری) لە بەری ( ئیسلام) بکات! .. با بێمەوە سەرخەت .

ئا ئەمە دێڕێکە لە تراژیدیای گاڵتەجاری ئەو رێکخراوەی بە ( کاژێك) ناسرابوو و { لە ئێوارەی رۆژی ١٤ی نیسانی ١٩٥٩دا لە خوارووی کوردستان ! لەلایەن کۆمەڵێك رۆناکبیری کوردەوە دامەزرا، کە پێکهاتبوون لە نووسەران و هونەران و زانایانی کۆمەڵگە و زمان و فیزیك و کیمیا و قانوون و... هتد !!!!! }(١)

پێش ئەوەی بێمە سەر باسی چۆنیەتی دروست بوونی کاژێك و ماهیەتی ئەو حیزبە(٢*)، دەبێ ئەو حەقیقەتە بۆ

---

(٢) - دەقەکەی لە بەرگی یەکەمی ( مرۆڤ و دەوروبەر) ەکەی مامۆستا (مەسعود محمد)دا هەیە ئە ئیستە لەبەر-دەستمدا نی‌یە .

(١) پەراوێزی (١) دێڕی (٤، ٥و٦)ی لاپەڕە (٢٠٢)ی { بیری نەتەوەیی کوردی ... . }ەکەی جەمال نەبەز!

(٢*) ئەگەر خوابکات نەفەوتێ تا دەگەڕێمەوە، باسێکی دوورودرێژی چەند لاپەڕەییم لەم بارەیەوە نوسیوە، بە نیازی ئەوەی بیکەمە پێشەکی راپۆرتێ بۆ کۆنگرەی حیزب، تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٣، کە ئەو کاتە ئێمە ←

مێژوو تۆمار بکەم کە ( کاژیك) هەرگیز حیزب نـەبووە و تاکە یەك مەرجی حیزبایەتی لێ نەهاتۆتە دی . (کاژیك) هەر بە مردوویی لەدایك بوو و تا ئەو رۆژەش لە (١١ی ئەیلولی ١٩٧٥) دا بۆ یەکجاری ناشتمان هەر مەیتێ بوو و ( مردووی بەشی زیندووخۆر بوو)، ئەگەرچی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣وە، کە دەستی دز کەوتە روو، هەوڵێکی زۆر زۆرمان دا کە گیان بە بەر ئەو لاشـە تۆپیوەدا بکەینەوە، بـەڵام هەر عیسایـەك لە مێژوودا هەبووە و هەزارو نۆسەدو ئەوەندە ساڵێ پێش ئێمە بووە کە مردووی زیندووکردۆتەوە، مـەگـەر رۆژی حەشر خوا گیان بکاتەوە بە بەری دا تا تۆڵەی ئەوەی لێ بکاتەوە کە چۆن ئەو هەموو ساڵە بۆتە رێگرو لەمپەر لە رێی پەیدابوونی حیزبێکی ( لە شت چووی) نـەتـەوەیی و ئەو هەموو ساڵەش ئێمە وەکو لەلە هـەر پیسـایی و چـڵکی ئەومان شتۆتەوە... خوا ( نەبەز) بگرێ خەریکە جارێکی تر گۆتاو و رووەکەی کۆنمان دەکاتەوە بە سەردا، یا دەیەوێ ئەو میراتە بۆگەن و گڵاوەی ( کـاژیك) بە تاپۆ لەسەر بیری نـەتەوایەتی و ( پاسۆك) بکاتە ماڵ!. . بە راستی دەشبێ ئـەو راستی‌یەی دیکەش،هەر بۆ مێژوو، تۆمار بکەم، ئەگەر مامۆستا و رابەر و برای گەورەم کاکە ( شێرکۆی هەژاری موکریانی ) نـەبوایە، ئەو ئـەفسانە پـووچەی بشـکاندایە و ئێمەی لە تەوقی دیلیەتی رزگاربکردایە، لەوانەبوو تا ئێستـەش ئەو لاکە تۆپیوە هەر لە سەر کۆڵەسنگی بیری نەتەوایەتی‌کوردی بوایە و ئەو درۆ شاخدارو داتاشینانەی (د.نەبەز)، بە نای ناهەق، بەشێکیان بچوونایەتە گەنجینەی مێژووی پڕ لە درۆی وەکو ئەوانە .

لە بەشێکی دی دا، لە ساڵی ١٩٧٣وە دەیگرم و پێدا هەڵدەکشێم ... لەوانەیە باسی فیکری کاژیك ( یا تورەهات و پۆخڵەواتی) - ئەگەر بوویبێ!!- بکەونە دواترەوە .

---

← مەسەلەکانمان گرتەدەست { خۆزیا هەر ئـەو رۆژە ئـەو مەیتەمان بناشتایە و بە دوی شتێکی بەگیان‌دا بگەڕاینایە!}، لەوێوەشی هەوڵ دەدەم خوا یاربێت و عومر باقی تا ئیمڕۆی بهێنم .

(٢)

## وڕێنه و حەقیقەت :

بـه داخـەوه من ئێستە ئەو بڵاوكراوانەی (كاژيك)م لەبەر دەستدا نين، بەتايبەتی كاژيكنامە و ئەو لاپەڕە ڕەش-كراوانەی ساڵانی ١٩٦١و١٩٦٢، تا ئەو درۆ باڵدارانەی د. نەبەز بەدەرخەم كە دەڵێ : ( بنچينەی تيۆری بيری سۆ-سياليستی‌كوردەكان، پشتی بە كولتووری كۆنی كورد بەستبوو، كە بەشێكی ئەمە لە"يەكێتی"ی سێكوچكەی " بيرو قسەو كردەوە"ی زەردەشتيدا دەبينرێ . پەيامبەرو ڕێپيشاندەری كوردو ئێرانی‌يە كۆنەكان، فەيلەسووفی ڕۆژهەڵات؛ زەردەشت!!!!)(١) و( ئەم ڕێكخراوە لە ئێوارەی ڕۆژی ١٤ی نيسانی١٩٥٩دا...... پاش شی‌كردنەوەی مێژووی كوردو گەلانی دراوسێی كـوردستان و گەلانی دوورەدەست، و هوردبوونەوەيەكی بابەتانە لە كارەسات و فەلسەفە گرنگەكانی جيهان، و دەمەتەقێ‌يەكی ڕەخنەگرانەی پشـوودرێژانەی وا كە لە دوو ساڵ پتری خاياند لە نێوەڕاستی تەمووزی ١٩٦١دا كورتەيەكی فەلسەفی ( كاژيك) بە نێوی " كاژيكنامـە" وە بە زمانی كوردی دەرچوو....)(٢) و زۆر (دۆن كيشۆت) ايەتی ديكە، كە بە بەراوردكردن و ديراسـەيەكی مقارن لەگەڵ بيری ( پـان عەرەبيزم)، لە نووسينەكانی( ساطع الحصری و عبدالله عبدالدائم)،و ئەوانەی (مێشيل عفلق) و بۆچوونی عەرەبە ناصری‌يەكان و هەتا هێندێ لە دوڕەكانی (كفاحی)يەكەی هيتلەريش بەئاشكرا دەردەكەوێ كە نەبەزو جەماعەتە-كەی وەك فكرێكی إلتقاطی لەملاولا لەوشتانە شتيان كۆكردۆتەوە و جامانەيەكی كورديان لە سەرناوە و لەسەر وەزنی(سمايل نامە و شانامە) ناوی (كاژيكنامەشيان لە " فەلسەفە!!!"كە ناوە !... دواتريش چۆن بيری ( پان ئێرا-نيزمی) و " پەيامی زەردەشتی - لەسەر شكڵی " الرسالة الخالدة"! و زۆر پڕو پاڵانەو وڕێنەی ديكەيان ترنجانۆتە " فەلسەفە!!!"كەيانەوە (٣) .

من پێم وا نـی‌يـە و ئەمەش بڵاوكراوە و ناميلكە و شتی كاژيك بەراوردكەن، كە ( كاژيك) هيچی نوێی هێنابێت،

---

(١) ل ١١ ،١٢ی ( هێندێك لە كێشە بنەڕەتی‌يەكانی قوتابخانەی كوردی‌ی سۆسياليزم . جەمال نەبەز ١٩٨٤ .

(٢) پەراوێزی (١)ی لاپەڕە ی ٢٠(؟ - چاپكار)ی بيری نەتەوەيی‌ی كوردی---- جەمال نەبەز ١٩٨٤ .

(٣) چاپی دوەمی ( كاژيكنامە) لە ئەوروپا ، كە پاش لێكردنە هەڵلای (الغای) كرد!! و گوايە ڕەخنەش لەو دەستكاريانە گيراوە . ئێستە ئەو نوسخەيە شاردراوەتەوە .

پێش ( کاژیك)، هێڵی گشتی بیروباوەڕی نـەتەوایەتی لە (هیوا) و ( ژ . ك ) و زۆربـەی حیزبەکانی پێش چلەکاندا هـەبووە و - بە پێی ئەو قۆناغە - مەعقولانە تـەعبیری لێکراوە، ئەوەی ( کاژیك) کردبێتی تـەنیا (مسخ)کردن و سـەقـەتکردنی بیری نـەتەوایەتی کوردی بووە... دوو دیاردەی زۆر زەق بە ( کاژیك) و فکری (کاژیکە)وە کە لە ((کاژیکنامەی پیرۆز) دا رەنگی داوەتەوە ( ئەنتی مارکسیزم)ێتی‌یەکەیتی زۆر کاڵ و کرچ و بێ مستەوایانە... و (ئەنتیعەرەبایەتی)یەکی زۆر ناسیاسی و گێلانە - زیاد لە هەموو داگیرکەرانی تر (ئەنتیعەرەبایەتی) باوبووە!... فکری کاژیك ـ کە بە راستی‌گوناحیشە ناوی( فکر)ی لێ بنرێ ـ زیاتر انفعال و باوبژێکی مەرحەلی بووە لە قۆنا-غێکی تایبەتی‌دا لە بەرەیەکی بەرتسکی کورددا سەری هەڵداوەو دەشێ دیاردەو حاڵەتی وا لە هەموو شوێنێ ـ لە بارو هەل و مەرجی وەکو ئەو رۆژەی کوردستان دا ـ بەدەرکەوێت، بەڵام وەکو دیاردەو حاڵەتی فەردی و انفعالاتی شەخصی،نەك بکرێت و ببێتە خەتی فیکری و سیاسی . بۆیە( کاژیك) قەت حیزب نەبووە نە لە رووی فیکری، نە سیاسی نە تەنزیمی و نە هیچ ... کۆمەڵێ شاعیرو ماعیر انفعالاتی خۆیان رەشکردۆتەوەو خەیاڵیکی بەنگکێشانە ورێنەی پێکردوون .

من لە هەموو ئەمانە دەبوورم و خۆ لادەدەم، ئەو پرسیارە دەکەم : ئەوا گریمان بڕوامان بەو قسانەی سەرێی د.نەبەز کرد ، دەمێنێتەوە بپرسین ئایا بەرهەمی‌کاژیك لەو(١٥) ساڵەی نێوان(١٩٥٩و١٩٧٤) چ بووە؟!! وەك ئاشکراشە کە ئەوکاتە بە تەعبیری خەڵکی‌سلێمانی ـ هەرنەبێ لە کوردستانی‌عـێراقدا ـ بەهۆی شۆرشەوە جادەکەی پان بووەو پاش ئاژاوەکەی ١٩٦٤ی مەکتەبی سیاسی پارتی هەر بەجارێ ساحەکە چۆڵ بووبوو ،ئەگەر(کاژیك) فعلاً وجودی هەبوایە دەبوایە شتێکی بکردایە ... من بۆ تەشریخ ئەم چەند راستی‌یە دەخەمە روو کە پاش (١٥) ساڵ لە عومری کورتی کاژیك هەق و حساب بەم جۆرە بوو :

١- هەموو رێکخستنی کاژیك لە سەرتاسەری { هەر پێنج پارچەکەدا!!!} لە (٣٠)کەس تێپەڕی نەکردووە، کە سێ یەکی ئەو ژمارەیە کەڵکی مەرحەبای اعتیادیان نەبووە نەك سیاسەت! .

٢- لە سەدا هەشتا تا نەوەدی ئەو ٣٠کەسە پاش ٩٧٠ بوونەتە کاژیك .

٣- ئەو حیزبە هەرگیز یەك دەزگای سیاسی نەبووە، نە (رێکخراو)) نە (ناوچە)، نە (لق)، هەتا نە (سەرکردایەتی)... کۆمەڵێ هاوەڵ پێکەوە بوون و پاش سەفەری نەبەز بۆ ئەوروپا گەنم گرد و جۆ بڵاو کەس نەما .

٤- یەك پارچە پەڕە، بەڵگە، (وثیقە)یەك نی‌یە و نەبووە باس لە چالاکی حیزبی و سیاسی بکات .. نە کۆبوونەوەیە-کی فراوان، نە کۆنفرانس، نە کۆنگرە، نە هیچ و نە هیچ .

٥- هەرگیز دەزگای چاپەمەنی نەبووە (نە تایپێ، نە ( رۆنیۆ)یە... جگە لە تایپێکی شڕ کە لە ١٩٦٣وە لە ترسانا! خستبویانە نێو قەدی دیوارەو ببووە بەشێك لەو دیوارە ) .

٦- نە گۆڤارێ، نە رۆژنامەیە، نە ئۆرگانێ، نە تـەرەماشێکی نەبووە ... جگە لەو سێ، چوارلاپەڕەیەی لە ١٩٦٨دا د. نەبەز لە بەرلین لەخۆیەوە بەناوی ( بانگی کاژیك) دەریدەکردو شتە کۆنەکانی دەجووەوە ... کە زەلامێکی بەکار بە شەوێ چەندبەرابەری ئەوەی پێ‌هەڵدەڕێژرێ .

٧- تەلەبەیەکی ئەو قوتابخانەی سۆسیالیزمی کوردی و بیری نەتەوایەتی و هاوبیری ( ئازادی و یەکسانی) و نازانم چی و چی‌یە، بە درێژایی ئەو ١٥ساڵە یەك زللەی لەسەر(کاژیك)بوونی نەخواردوە ... یەك رۆژ بەندی نەدیوە و هەتا پێشی هەڵنەنگوتووە! نەبووە تا ئەوانە رووبدەن .

٨- هیچ کەرەسەیەکی نـەبووە، جگە لە ( دەمانچەیەك و تفەنگێکی شڕ) ـ کە نازانم هەر چیشی لێ‌هات ئەو حیزبە ممتلکاتی نەبووە .

درێژەی نەدەمێ ( هیچی کوڕی هیچ ) بووە ! .

سەیرو سەمەرەش لەوەدایە هەمیشەش لە دەم نەکەوتوون و خەیاڵی بەنگ‌کێشانەیان بەری نەداون، ئا بەو قسە زل زل و هاشەو هوشەیە بیری نەتەوایەتی کوردییان سەقەت و عەیبدار و ئیفلیج کردوە و خەڵکەکەیان (تخدیر)کردوە ... ئەگینامنطقیاً ئەگەر ئەم(کاژیك) ە بەڵایە نەبوایە و ئەو(فراغ)ی بیری نەتەوایەتی‌یەی هەبووە بەوجۆرە سەقەتی‌یە پڕنەکردایەتەوە، زۆر ئیمکان بوو حیزبێکی نەتەوەیی مەعقول پەیدابێت و زۆر شت لە چارەنووسی‌کورد بگۆڕایە ... یا هەر نەبوایە حاڵ و باری (بیری نەتەوایەتی) وەکو ئەوەکەی ئیمڕۆ نـەدەبوو .. . تـەئسیری سـلبی کـاژیك هـەتا لەسەر (پاسۆك)یش زۆر بووە و گـەورەترین کـۆسپێکی بەردەمی( پاسۆك) بووە، چ بەوەی کە چۆن چۆنی خۆ لەو هەموو سلبیات و پۆخڵەواتەی کاژیك بشواتەوەو چۆن بتوانێ لەعەقڵیەتی سەقەت بووی ( کاژیك) رزگاری بێت و چۆن لە مەترسی( ارتداد) و رۆچوون و دانەدواوەش بەدووربێت . من دەزانم کە ئەو شتانە چەندە تین و تاوی ئێمەی بردوە و چۆن ئێستەش وەك سەرەتان هەر بە بەشێکمانەوە ماوەتەوە و مـەترسی گـەورەی لێ دەکرێت ... هەر ئـەو ورێنانەی د . نەبەزو تەئسیری سلبی لەسەر هاوبیرانی ئەوروپا بۆخۆیان زەرەری ئەوەندە گەورەن کە لایە لە توانامان دەکوژێ و دوور نی‌یە بە شتی زۆر بێ مەعنامانەوە خەریك بکات ... بەڵایەو بەڵای ناگەهانیش .. .

پیاو هەقی خوا بڵێ! ...

پێش ئەوەی درێـژە بە باسەکە بدەم، بە ئەرك و پێویستی ئـەخلاقی دەزانم کە ئەوەش بڵێم : د . نەبەز لەگەڵ هـەموو کەم و کوڕی و ناتەواوی و ئەو شتانەی سەرێ و ئەوانەش دێمە سەری( کە تەنیا مشتێکە لە خەروارێ و ژین‌نامەی نەبەز نانوسمەوە بۆی بەو مشتە قایل دەبم و تەنیا لەو سووچەوە باسی نەبەز دێنمەناوەوە کە پەیوەندی بە(کاژیك)ەوە بێت) د. نەبەز هـەموو کاژیك بووە و (کاژیك)یش نەبەز.. . لە هەموو ئەو رابەرانەی خۆیان تووشی ئەو(ورطه)یەی کاژیك کردوە، (د. نەبەز)یان تاسەر بە چنگ و بە دان تا دوا هەناسەی خۆی پێوە گیرکردوەو هەر ئەویش (خالق)ی فیکرەکەو بەردەوام‌دەری بووە!، هەر ئەو بووە کە هەمیشە خەریکی ( تنفس الصناعی) ئەو لاشە مردووە بووەو لەو دورە وڵاتەوە بە هاشەو هوشە ناوی ( کاژیك)ی لە کولەکەدا هێشتۆتەوە { هەرچەندە بەلای منەوە خۆزیا و... سـەد کاشکێ ئەویش وەکو ئەوانی دیکە لێ‌ی‌گەڕایە، پێش ئەوەی بۆگەن بکات، بنێژرایە و ئەو بۆن و بەرامەیەی بەرنە-دایەتە بیری نەتەوایەتی‌کورد ،یا کە نێژرا و بەرە بەرە یادو یادگاری نامۆبارەکی لە یادان چۆوە، وەکو ئەم دواییەی چیلکەی تێوەرنەدایەو تەبیعەتی بیری نەتەوایەتی تێکنەدایە} ، سەرەنجامی کاروکردەوەکانی د . نەبەز هەرچی‌یەك و هـەرچۆنێ بـووبێ، تـەنیا لە (سـوء التصرف) و نـەزانین و ئـەسارەتی خـەون و خـەیاڵاتی بـەنگ‌کێشانەوە بووە ـ لەوانەشە بەلای خۆیەوە پێ‌ی وابووبێت و پێ‌ی وابێت کە کارێکی چاکی کردوە ـ یا هەواوهەوەس و گرێ‌کوێرەی نـەفس ئەوانەی پێ کردبێت . بـەڵام لە نیەتی پیس و گومڕاوە نەبووە، لە رووی نـاپاکی و خـەیانەتی راسـتەوخۆوە نەبووە ... ئەو پیاوە میللەت و وڵاتی خۆی زۆر خۆشدەوێ ( بەڵام دیارە هەموو خۆشەویستی‌یە مەرج نی‌یە بەرژە-وەندی پێکبێنێ، یا دروست رێ بکات، یا زیانی وا گەورە نەدات کە هیچ دوژمنێ ڕێی تێ‌نەکەوێت ... دروست وەکو خۆشەویستیەکەی هێتلەر بۆ ئەڵمانیا ،یا ئەوەکەی صدام بۆعارەب) پاك دامێن و دەست پاکە، رابردووی( لە رووی ناپاکی و دڵسۆزی‌یەوە)گەردی لەسەر نی‌یە . ئەوەندەی تائێستە من تێ‌گەیشتبم نەبەز ئەسیری ئەو(هاجس)-ەیە کە پێغەمبەری بیری نەتەوایەتی‌کوردو(مهدی المنتظر) ەو دەیەوێ بە زۆری زۆرداری خۆی بکاتە شتێ،ڕەمزێ، نیشانێ لە مێژووی کورددا !! یا هەرنەبێت بزووتنەوەی سیاسی کوردی‌دا . سـێبەری خۆی بینیوەو دەبینێ و لێ‌ی بۆتە راست کە ئەو سێبەرە فعلاً خۆیەتی، خۆی وەکو هەیە ناناسێ و خەڵکیش وای ناناسێ ... مـامـۆسـتـایـەك(١)

---

(١) " مەسعوود محەمەد" - چاپکار

چەند جوانی فەرموو، کە جارێ لێمپرسی : ماموستا راتان بەرانبەر د . نەبەز چی‌یە ؟ فەرموویان : نەبەز شتە، بەڵام لە حەجمی خۆی زیاتر داگیرکردوە!.. بە راستی ئەو دێڕە هەموو نەبەزی لە خۆدا کۆکردۆتەوە و کلیلی سندو- قی داخراوی شەخسیەتی ( نەبەز) ە .

لە ناو هەموو رابەرایەتی ( کاژیك)دا تاکە کەسێکیان بۆ سیاسەت بشیایە و ئەگەر بیویستایە دەیتوانی چارەنوو- سی ( کاژیك) و بیری نەتەوایەتی کوردیشی بەرەو ئاسۆیەکی زۆر گەش ببردایە، بـەڵام داخەکەم نازانم بۆچی زوو خۆی لە ( کاژیك) کێشایەوە!؟ ئایا لەوەوە بووە کە گەیشتبێتە ئەو قەناعەتە ی کە مـردوو گیانی بەبەردا نـاکرێ و ( کاژیك) یش بە مـردوویـی لە دایك بووە! یا نـائومێد بووە لەوەی کە لە سـەر ئەو زەمینە فیکری و سیاسی و تەنزیمی‌یەی ( کاژیك) {ئەگەر هیچیانی بووبێت!! } هیچ شین نـابێتەوە و (جهدالضائع) ە و بەس !.. یا لە رووی ئەخلاقی‌یەوە{ ئەخلاقیەتی کـۆمەڵایەتی، چونکە ئەخلاقیەتی سیاسی دروست پێچەوانەی ئەوەی دەخواست } لای گران بووە پشت لە هاوەڵەکانی هەڵکات و کلیلی ئەو تابووتەیان لەچنگ دەرێنێ، لە ترسی ئەوەی نەکەوێتە حانە- حەپشێ لەگەڵیاندا!! یا هەوڵی داوە { کە من نـازانم و نـەمبیستوە} بەڵام بۆی نـەچۆتەسەر و برادەرەکانی هاوڕا نەبوون لەگەڵیدا ... و زۆر یا و یا تریش . ئەو کەسەش ( فریدونی عەلی ئەمین) ە .

ئەو کەڵەکە ترێ‌یە چۆن ئەو هەموو ساڵانە راوەستاوە ؟

---

ئەو پرسیارە دێتە پێش کە (کاژیك)ی بەو وێرانی‌یە!، حیزبێ بە قیادە و قواعدیەوە ئەو حاڵی بێت، فیکری بێ و ممارسەی بێ ... چۆن ئەو هـەموو سـاڵانە راوەستاوەو نـەکوژاوەتەوە؟؟! هـەرچەندە کۆمەڵێ روداو و رێکەوت و هـەندێ باری تـایبەتی ناوی حیزبەکەی هێشتۆتەوە ئـەگینا وەکو نـاوەرۆك و حەقیقەتێکی واقع، لەسـەرەتاوەو لە ئەسڵدا حیزب نـەبووە و هەرگیز ممیزات و مستلزماتی حیزبی تێدا نەبووە بەڵام هۆی سەرەکی وکلیلی ئەو مەتەڵە لەوەدایەکە بیری نەتەوایەتی ( کە کاژیك بە زۆری زۆرداریی کردبوویە ماڵی خۆی یا بـەرگی ئـەوەی بە بـەرخۆدا کردبوو و بە تـۆبزی لەخۆی مـارەکـردبوو) خانەی فیکری و بوونێکی مەوزووعی‌ی پان و بەرین و بە تـەوژمی لە کۆمەڵگەی کـوردەواری‌دا هـەبووە و هـەیە ــ وەك ئەوەی لە نێو هەموو کۆمەڵگەیەکی دیکەی وەکو ئەم قۆناغەی کوردایەتی و بارو هەل و مەرجی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەبوو و دەبێ ــ بۆیە هەر ئەو وجودە مەوزوعی یەی بیری نەتەوایەتی خۆی سەپاندبوو و بەدەستی کەس نەبوو ــ هەتا بە دەستی قەدەریش نەبوو ــکە الغای کات

... قەوارەیەکی سیاسی دیکەش نەبوو کە ئەو فەراغە پڕ وەکات و تەعبیر لەو بوونە مەوزوعی یە بکات ... خۆ ئەگەر هەر بەدەمیش بووبێ، کەسانێ بوون لەسەر ئەو بیرە حسێبکراون ــ بام زۆریان تەنیا لە رووی فیکری یەوە نەتەوە-یی بووبن و وەکو مەارسەو قاڵب لە حیزب دا نەبووبن و هەتا دوریش بووبن لە سیاسەت ــ و ئەو کـەمە کـەسانەش کە فعلاً کاژیك بوون، بام وەك دەنکی تەسبیحی پساوە هەر دانەیەیان لە قوژبنێکدا بڵاوبووبنەوە، ئەو کەسانە لە خلالی ئەو بوونە مەوزعی یەی بیری نەتەوایەتی کە جارێکی دیکە دەڵێم کاژیك خۆی لێ کردبۆ خێو }یەوە، وەکو مەسیح ( صلیبی) ( کاژیك)یان لە کۆڵ گرتبوو ... ئەو هۆیانەی خوارێش دەوری یـارمەتی دەر و ( عامل مساعد ) ی بینیوە لە کوێرنەبوونەوەی ناوی ( کاژیك) دا :

(١) - لە ساڵی ١٩٦٣دا، چەند کەسێ کۆمەڵەیەکیان دروستکرد بەناوی ( پارتی گەلی کورد ) کە ئیدیعای نەتەوایەتیان دەکرد ، ئەمانە چەندە بۆش و هیچ بوون لە رووی فیکری یەوە { هەتا ئەو قرتە قرتەی (کاژیکنامە) و (کاژیك) یشیان نـەبوو } ئەوەندە بەدەست بوون، یا با بڵێم کردەبوون، هـەر قسە نـەبوون شتیشیان لەدەست دەهات . هەرچەندە شتی جوانمەردانەش نەبووبێت و لەو شت لەدەستهاتنانەی کە نەبوونیان گەلێ چاتر و بەفەرتر بووبێت، بەڵام هەر شت بووە و بۆ بەراوردکردنی نێوان ئەوان و(کاژیك)یەکان و پێكگرتنیان دەشێ پیاو وای دانێ کە( کاژیك) هەر قسەو فسفس پاڵەوانێتیی سەرکاغەز بووە و( پارتی گەلی کورد ) سەرەڕۆیی و بزۆزیی بێ مەعناو هەندێ جار شەرمهێنەرانەش . دیاریترین کەسیان (شێخ محمدی هەرسین) و ( محمدی عزیز - حەمەی عەزەدۆم) بووە ... و کۆمەڵێ شەقاوە و چەقۆکێشی ئەو رۆژەی (سلێمانی)یان لەگەڵ بووە، وەکو( عوسەی ئامە، عوسە رەش، قوربانی، و هی دی ...) ئەمانە لەگەڵ ( کاژیك) پێکگەیشتن و بڕیاریان دا کە هەر دوو رێکخراوەکە بکەنە یەك هەر بە نێوی (کاژیك) بمێننەوە و ئەو دوانەی ( پارتی گەلی کورد) - شێخ محمد و محمدی عزیز - ببنە سەرکردایەتی حیزبەکە! ... ئەم تێکەڵاوبوونە هەندێ گیانی بزۆزی کرد بە بەر (کاژیك)دا و هەر زوو بەزوو ئاژاوەکەی (٩٦٤)ی نێوان سەرۆك بارزانی و جەماعەتی مـەکتەبی سـیاسی پـارتی ( جەلال و برایم) قەوما ... هەر لەکۆنیشەوە ( پارتەکان) خۆشیان بە فەساڵی ئەوەی بۆنی نەتەوایەتی لێبهاتایە نەدەهات، و بە إصطلاح حیزبەکە هەمووی ڕەگەڵ ( جەلال و ئەوان ) کەوت و مەیدانەکە بۆ ئەمان مایەوە،ئەوەشیان نازانم چۆن(بارزانی) بەو زووە بڕوای دانێ- پێموابێت ناچاربووبێت و کـەس نـەبووبێ ئەو فەراغی انشقاقەی پێ پڕکاتەوە ! ـ و زوو ( شێخ محمدی هەرسین و محمدی عەزیز) لە پلە بـاڵاکانی حیزبە پارتی یەکەی بـارزانی و ناو شـۆڕشدا خۆیانگرت ـ بەجۆری شێخ محمد بووە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی و کاکە محمدی عەزیزیش لە (مقربین)ی بارەگای بارزانی ... و ئەوانی دیکەش هەریەکەو دەستی

به کونێکدا چوو ... لەو ڕۆژانەدا لە سەر ڕوداوێکی شەخصی و تـایبەتی شیوعی‌یەکان ـ یا کەسێکی شیوعی ـ (قوربانی) هاوەڵیانی کوشت و ئەمانیش لە تۆڵەی ئەودا (٩) شیوعی ( ئاگا لە هیچ نـەبوو) و تا هێندێکیان واز-یشیان لە شیوعیەت هێنابوو، کوشتەوەو ئەو ڕق و کینەیەی لە (شیوعیەت) یان بوو ( و باوبوو لە ریزەکانیان‌دا!) بەوە ڕشت ... جگە لە کۆمەڵێ ڕەفتاری زۆر زۆر دزێو کە لە مێژووی سلێمانی‌دا بە لاپەڕە ڕەشەکانی(کانی ماسی) ناسراوە ... کە بە ڕاستی پینەی شینە بە شانی بیری نەتەوایەتی‌یەوە، ئەگەرچی دوور نی‌یە بەشێکی زۆری کەسانی کردبێتیان فریان بەسەر(کاژیک) دەوە نەبووبێت، یا ئەگەر بووبێ سیاسەتی مەرکەزی حیزبەکە نەبووە و ڕەفتارێکی ریزپەڕانەی تاکەکەسی بووە، بەڵام بەناوی ئەوانەوە کراوە و ناوبانگی ڕۆیشتوی و ئەو بیرو بیرکردنەوەی (کاژیک) و هەڵکەوتی ئەو ئەندامانەشیان شتی وای لێ چاوەڕوان دەکرا ...

زەخمی ئەو سەرەڕۆیی و پیاوکوشتن و بڕمە بڕمەیە تا چەند ساڵێکی زۆر و پاش ئەوەش کە چ ئەوانەی پێ‌ی هەستا-بوون و مەسئول بوون لێ‌ی و چ ڕابەرایەتیەکەی( کاژیک)یش لە ( کاژیک) دابڕابوون، هەر یادو یادگاری ئەوە بوو کە پاڵی بە ناوەکەی (کاژیک) ەوە دەنا و کردبوویە جۆرە ( بـوع بـوعـێکی) ترسناک !! .

٢- ئەو هەوڵ و هەڵپەیەی (د . نەبەز) دەیکرد لە ئەوروپا و ئەو قرمە قرم و گرمەیەی بە بەلاش و لە هیچە نابوویەوە و شتی دادەتاشی و (وەهم) ێکی وای دروست کردبوو کە ئا . . ئا ، بەڵێ( کاژیک) هەیە و بورکانێکیشە، ئـەعوزو-بالله لەو ڕۆژەی دەتەقێتەوە! .. .

٣- بوونی چەند کەسێ کە بۆنی دەم و بۆچوون و ڕاکانیان بۆنی(کاژیک)یان لێ دەهات و ئەو کەسانەش لە شۆڕشی کورددا شت بوون و خەڵکی بە هەق و بە ناهەق و بە ( تخمین) و گومان اسطورەی کاژیک بوونیان بۆ هـەڵدەبەستن، لەوانە ( شەهید فەتاح آغا و دەوروبەرەکەی و کاک (فەریدونی عەلی ئەمین ) و لەولاشەوە ( محمدی عزیز) و (شێخ محمدی هەرسین) و زۆری دیکەش کە تێوەگلابوو . هەرئەوەندە بەس بوو دژی شیوعیەت و دژی عەرەب بیت تـا یەکسەر میدالیای (کاژیک)ت بە ملدا بکرێ،فعلاً خۆ (علامة الفارقة)ی ( کاژیک)یش لەو دوو شتانە بوون .

٤- لاوازیی پارتی( ئەوەکەی سەر بە بارزانی ڕەحمەتی بوو) و خلیسکانی و خیانەتی ئەوەکەی (جەلال و برایم)ئەحمەد بۆخۆیان هۆ بوون کە بۆشایی‌یەکی سیاسی و حیزبی لەکوردستاندا هەست پێ‌بکرێ و(کاژیک) لەسەر ئەو( فراغ)ە بژیەت .

٥- هەر بەگشتی‌یش لەو ڕۆژانەدا پتر بـاو بـاوی بیری نـەتەوایەتی بوو، واتە خەڵکە کوردو شۆڕشگێڕو کـوردایە-تی‌کەرەکە بە نیوەو نیوەچڵیش بێت دیدێکی‌نەتەوەیی‌یان هەبوو ... بۆیە زەمینەکە لەباربوو و (تحدّیات)ی بەهێزو-

بەپێز لە بیروباوەرەکانی دیکەوە نەبوو تا ( کاژیك) بەدەرنێ .

ئەمانەو چەند هۆی وردیلە، وردیلەی دیکە بوون کە (کاژیك)یان بە مردوویش بەپێوە راگرتبوو و نەیاندەهێشت ناوی کوێربێتەوە .

ئەی ئێمە چمانکرد ؟

—— من لەبەرئەوەی نا کە خۆم شەرەف و دەورێکی (متواضع)م هەبووە لەو گۆڕانە ی لە کۆتایی ١٩٧٣ و سەرەتای ١٩٧٤دا لە ( کاژیك)دا کردمان، کە پێشەکی دان بەوەدا دەنێم کە هەموو ئەوانەی بەوکارە هەستاین ( جگە و جگە لە کاك شێرکۆ) پیاوی ئەو کارەو کەری ئەو بارە نەبووین !، ئەگەر کاك( شێرکۆ) نەبوایە نە گۆڕانەکە دەبوو و نە شتی دواتریشی لێ شین دەبۆوە . بە راست هیچ عەیب نی‌یە کەسێ کارێکی پێ نەکرێ و لە توانای ئەو بەدەربێ، عەیبەی گەورە ئەوەیە پیاو لە خۆڕایی پێ‌داگرێ و لە بەلاش ختوکەی فیزی خۆی بدات و خۆی نەناسێ . ئێمە ئەو شەش کەسە دەستی قەدەر ئەو ئەرکەی خستە سەر ئەستۆمان، کە جگە لە کاك شێرکۆ هیچمان هی ئەوە نەبووین ئەو رۆژە بە ئەرکێکی وا هەستین ... بۆیە هەر زوو بەزوو ( ئەحمەد سەلام) و ( فەرهاد عبدالقادر) بە بڕو بیانووی هیچ خۆیان کێشایەوە(هەرچەندە ئەحمەدسەلام زۆر پیاوانەو ئازایانە ووتی : من پیاوی ئەم کارە نیم!، بەڵام ( فەرهاد) ئەو ئازایەتی‌یەی نەبوو و بە بەهانەو بیانو خۆی کێشایەوە) هاوبیر(حەمەسەعید) لە شار مابۆوە { قسەم لە سەر سالی ١٩٧٤ کە شۆرشی کورد هەڵگیرسایەوەو هەموان هاتینە دەرێ، جگە لەو کە بە بڕیار مایەوە، بەڵام هیچ (مساهمە)یەکی نەبووە و تا ئیمڕۆش هەر بۆرە مارەیی‌یەکەی بە سەرمانەوە ماوە} ، هاوبیر(عوسمان) پیاوێکی مەردو بەکار بوو، دڵسۆزو زۆر (مندفع)یش بوو، بەڵام ئەویش لە سالی ١٩٧٥{ پاش شەش، یا حەوت مانگ کار پێکەوەکردنی بەردەوام } لێمان تەرەبوو ... مایەوەو نەمایەوە کاك شێرکۆ و من، کە بەراستی منیش ئەوە نەبووم و زۆر سادەو ساویلکە بووم لە سیاسەتداو لە رۆژی تەنگانەش‌دا هیممەتی پێویستم پیشان نەدا، بام لە هەموانیش زیاتر سوربوویێتم لەسەر بەردەوامێتی و رێکردن تا ( آخرالشوط) .. تەنیاو تەنیا کاکە شێرکۆ بوو کە هەموو شتێ بوو، و بە راستیش شت بوو، داخ و سەد حەیف ئەگەر پیاوی خۆی لە دەور بوایە و رێ نەکەوتایەتە ئەو گەندە پیاوانەی (وەکو ئێمە!) زۆر و زۆری پێ بوو ...

لەگەڵ هەموو ئەمانەش‌دا و تەنیا هەر ئەوەندەش کرابێ کە ئەو اسطورە سەخیفەی (سەرابی‌ی) " کاژیك"مان شکاندبێ شتێکی تابڵێ‌ی گەورە کراوە، جگە لەوەی داستانی ئەو یەك ساڵەی کاکە (شێرکۆ) رابەرایەتی‌کردین

هی ئەوەیە وەکو چەند دەرس لە قوتابخانەی شـۆڕشگێڕیی کـوردایەتی بووترێتەوەو نەوەکانی کوردی پێ گۆش و پەروەردەکەن و فێری ( تحدی) ی - مستحیل-یان کەن . ئەوەش بواری کاکە شێرکۆی تاکە سواری ئەم مەیدانەیەو من وەکو سێبەری سێبەری ئەو، ئەو بێ نـەزاکەتی‌یە نـاکەم بچمە پـەرێزی ماموستاکەمەوە ... لەوانەیە لە سـاڵی ١٩٧٥وە تا ئیمڕۆ روخسەت هەبێ گروگاڵێ بکەم ... تا بە شێکی دی و ئەو روخسەتە هەر شـەکـاوە بێت ئـاڵای راستی و راستگۆیی .

ئەم کارە بۆ دەکەم ؟ .. ئایا نەخۆشی (سادی)م هەیە و حەز بە جەزرەبەی خەڵکی دەکەم ؟، یا (مازۆکی)م و حەز بە دەرزیاژنی خۆم دەکەم ؟ تفی سەر بەرەوژوور هەڵدەدەم!، یا " دەمانچە بە رابردووەوە"(١) دەنێم؟ ئەو حوکمە دەدەمە دەست خەڵك و خوا ... بە عەقڵی خۆم پێم‌وایە خزمەت بە داهاتوو دەکەم، چونکە قەناعەتی تـەوام هـەیە کە ئۆبـاڵی هەموو هەڵەو کەم و کوڕیەکانی (پاسۆك) لە ئەستۆی (کاژیك) و رابەرانیەتی . ئەو ئۆبـاڵە لە سـەرێکەوە دووجاران لە ئەستۆی (کاژیك) ە!، جارێکیان بەوەی بە تـەمەنی(کاژیك) هیـچ خزمەتێ بە بیری نەتەوایەتی کورد نەکراوە، چ لە رووی فیکری و سیاسی و تـەنزیمی و سلوکی‌یەوە و چ لە رووی گەشەو دەوڵەمەندکردنی ئەو فیکرە و چلورە و قالب پێ بەستنی، ئەگەرچی لە شکلی سەرەتاییشدا بێت ... جارێکی دیان بەو سەقەت و گەندەڵکردنەی فیکری خۆڕسـکی و فیتری‌نەتەوایەتی چ بە لادان و( تحریف) پێ‌کردنی و چ بە تێ‌چاندنی(مفاهیم)ی زیانبەخش و دوور لە واقع و راستی و رۆحی‌عەسرەوە و چ بە دابڕانی لە مەسیرەی‌گشتی‌کوردایەتی!، هەروەها رابەرانی(کاژیك)یش دوو جاران گوناح‌بار و تـاوانبارن، جارێکیان بەوەی کە هـەرگیز بە ئەرکی سـەرشانی خۆیان هەڵنـەستاون و پازدە ساڵان بەسەر ئەو لاکە تۆپیوەی (کاژیك)ەوە وەك داڵەکەرخۆرە خۆیان مەڵاس داوە ... و جارێکیان بەوەی نەك هەر راستیەکانمان بۆ ناگێڕنەوە و ئەو ئازایەتی‌یە ئەدەبی‌یەی دەبێت لە پیاوی شۆڕشگێڕو وڵاتپارێزدا هەبێت نیانـە، بەڵکو بە درۆ و دەلەسە و قسەی پف هەڵدراو و پووچ گومڕامان دەکەن، ئەوەندە خۆپەسەندو ئەنانین - و لە هەمان

---

(١) حەمزاتۆڤ دەڵێ : ئەگەر دەمانچە بە رابردووەوە بنێی، داهاتوو تۆپت پێوە دەنێ .. ! ئەمە زۆر راستە ئـەگەر هەرزانەو لەخۆڕا و لەخۆبەزل گرت بکرێ، وەکو زۆر کەس بەرانبەر شۆڕشی ئەیلول و سەرۆك بارزانی دەیکەن، کە حـەقەمن داهاتوو تۆپی چڵکاویان پێوەدەنێ .... بـەڵام بۆ رابردوویەکی نـاپـەسەند نـەك هـەر دەمانچە، پێم‌وایە ساروخ‌بارانیش هێشتا کەمە ...

کات دا بێ شەرمن! - درۆی شاخداری وا دەکەن و فیل بە کونە دەرزیدا دەکەن، تا ئەو ئیحایەمان بدەنێ کەئەوەی کراوە لوتکەو ترۆپکی بەرهەمی توانای بیرو هۆش و مەچەکی(معجزە)سایی ئینسانە و ئەگەر ئەوانەی دوای ئەوان بتوانن درێژە بەو مەسیرەیە بدەن ئەوا ( خیر خلف لخیر سلف) دەبن و بەهار لە چۆکانە ... کە دیارە ئەمەش چ زەهر-ێکی هەلایی تێدا حەشاردراوە! و چ ڕێ لێ ڕەوێڵکردن و خەسانێکی پێوەدەبێت ..! ئەوە لەوەیان هەر دەگەڕێم کە ئێمەمانانیان چۆن سەقەت کردوە و چۆن چەندە و چەندەش بەوپەڕی عەزم و هۆشیاریەوە بمانەوێ خۆ لەو توراثە بەدفساڵە و یادگاری قوتابخانەی سەقەتکردنە ڕزگارکەین، دیسانەوە بەشێکی هەر لە(لاوعی)ماندا دەمێنێتەوە و هەنگاوەکانمان لێ خواروخێچ دەکات ... { ئێرە شوێنیشی نەبێت ئەوە دەڵێم : کە بۆیە من رام وابووەو وایەو لای دەیان و سەدان هاوبیرو پێشمەرگەی ( پاسۆك)یش ئەوەم درکاندوە کە ئەم حیزبەی ئێمە تا لە دوا ( کاژیك)یی ڕزگاری نەبێت ـ دیارە زۆربەمان دەگرێتەوەو خۆم لەپێش هەموانەوە ـ ناکەوێتە سەرپێی خۆی و لە خەم نارەخسێ، دوور نیـیە هەر دیسانەوە هەندێك لەو پۆخڵەواتەی کاژیك لە ڕێی ئێمەمانانەوە ـ کە کاژیك بووین ـ نەقڵ بێت بۆ ئەوانیش ... بەڵام بەرە بەرە لە یەك دوو دەستەی دوای ( کاژیك)دا ئەسەری نامێنێ، یا بێ ئەسەر دەبێت ... ڕێك وەکو نەخۆشی‌یەکی ویراثی کە بە دورکەوتنەوە لە بنەماڵەیهەڵگرانی ئەو نەخۆشی‌یە بەرە بەرە لە جیلەکانی دواتردا وون دەبێت ... بۆیە ووتومەو دەیڵێمەوە کە دەوروئەرکی ئێمە( ئەوانەی ئیمڕۆ لە حیزبەکەدا دەست لەکارن) دەوری مامانەو بەس، کە یارمەتی زایینی حیزبەکە بدەین لەو منداڵەی لە منداڵدانیایەتی، ئەو منداڵەش ئەو ئەندام و کادرە پیس‌نەبوانەن بە چڵکی کاژیك ... ئێمە دەبێ دەوری پردێ ببینین کە حیزبەکە لە کەناری پڕ جرۆجانەوەری کاژیکەوە بەسەرماندا بپەڕنەوە بۆ بەری ئەوبەری جۆگەلەکە ... ئەم دەورەش خۆنەویستی‌یەکی گەورەی دەوێ و ئەگەرچی دەوری( جندی المجهول)یە بەڵام قەدەری ئێمەیە و شەرەفێکی گەورەیە، ئەگەر ئێمە مەفهومی شەرەفی کۆمەڵایەتی بە ( خۆ سوتاندن بۆ ڕێ ڕۆشنکردنەوە) تێبگەین و ( حس)ی فەردیەت و خۆپەسەندی لە خۆماندا بکوژین ... بەڵام و ئاخ لەو بەڵامە!!. لە بارو هەل و مەرجێکی سەختی وەکو ئەوەکەی ئێمە چەند تینمان داوەتە خۆ و چەند چوینەتە سەر کاسە هەر(ولادة)یەکی نە بەکام بووە، جا چ ئەوەی پیش نۆ مانگ و نۆ ڕۆژەی تەبیعی زایین، بە شەش مانگی بووبێ و دەمی نەدابێ بەیەکدا ... چ بەوەی پاش لەدایکبوونی ئاڵ بردبێتیەوە و دەستی قەدەری سەخیف لەدەستی فڕاندبین!. لە دەستەی یەکەم بۆ تەئریخ ( مەلاشوان، بەختیار، هەڵۆ، ڕێباز) ـ کە دوانی یەکەمیان پەلیان داچوو و دوانی دوەمیان گلان! ـ و (کاکە ئاراس، ڕزگار، مەریوان) ـ کە لە هێلانەکانیان تەرەبوون یا تەرەکران ـ ناودێنم ... و لە دەستەی دووەم شەهیدان( فەرهاد خەفاف، جەمال، شێرکۆ) خوا بەزیادی

زانین لێمان ... یاخوا کوێر بم! ... ئەوانەی دیکە کە ماون و بەرهەمی ڕەنجی چەند ساڵەو دوا ترووسکەی هیوان ـ ناویان نایەنم! ـ خوا، خوا، خوا بە زیادیان نەزانێ لێمان و خۆشمان کەڵکمان پێوە مابێ ... }

با بێمەوە سەر خەت ... .

ئا لەبەر ئەوەیە کە دەمەوێ مێژووی ئەو حیزبە (١) بە هەموو (تجرّد)ێکەوە بنوسمەوەو پتریش دەست لەسەر برینەکانم دانێم، کە جارێ هێشتا یەک دێڕیم نەنووسیوەتەوە، بەڵام پچڕ پچڕ بەشێکی زۆریم لای ئەم هاوبیر یا ئەویان درکاندبێ .

---

(١) وەك ووتومە، مەبەستم لە ساڵی ١٩٧٥ بەرەوژورە کە خۆم ڕاستەوخۆ تێیدابووم و تا ئیمڕۆ مەسئولیەتی یەکەمیم هەڵگرتووە . پێش ئەوە ( واتە سەردەمی کاژیك) بە مەیدانی کاك شێرکۆی دەزانم .

چۆن دەهۆڵی ئەو سیحرو چاوبستە درا ؟

من ئەوانە بۆ عەیبدارکردن ناڵێم، تەنیا بۆ روونکردنەوەو دەرخستنی عەقڵیەت و(ذهنیەتی ) ئەوانە - یا ئەوەی(١) لەپشتی(کاژیك)ەوە بوو دەخەمە روو . هەندێ شتم دەربارەی (ماسۆنیەت - فری ماسۆن) خوێندۆتەوە - بەتایبەتی ئەوەی کە دکتۆرعلي‌الوردي لە پاشکۆی بەرگی٢ یا٣ی کتێبە بەنێوبانگەکەیدا( لمحات من تأريخ العراق الحديث) لەمەر (ماسۆنیەت) نوسیبووی و هەندێ شت دەربارەی ( الاتحاد و الترقي) یەکەی تورکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا -کە زۆر شێوەو شێوازی رێکخستنە نهێنی‌یەکەی(ماسۆنیەت)یان لە سالۆنیك پێڕەودەکرد- کە بەشێکی بەرچاوی لە رێکخستنی( کاژیك)دا رەنگی دابۆوە، وەك شێوەی دەستنیشانکردنی خەڵکی بۆ رێکخستنەکە و پاشان چۆن چۆنی نێزیك بوونەوە لێ‌ی و ئامادەکردنی و پاشان درکاندنی رازەکە، ئەوجا (سوێند)خواردنی و هەرەشەو گوڕەشەی کوشتن و بڕین ئەگەر نهێنی‌یەکەی حیزب بدرکێنێ و چۆنیەتی پەروەردەکردنی بە گیانی ( إطاعەتی) کوێرانە و نەپرسینەوە و نەکۆڵینەوە و تەسلیم‌بوونی (مطلق)!.. رێکخستنی زنجیرەیی و کەس کەس نەناسین و خۆ کردنە نەناس لە هاوبیرانی یەك شانەشدا، لە دەرەوەی کۆبوونەوەکان، و چۆنیەتی خزانە نێو حیزب و رێکخراوەکانی دیکەو سیاسەتی ( خط المائل )، هەروەها چۆنیەتی پەیوەندی‌کردن بەیەکترەوە { لە شوێنێکی چۆڵ، بە دوو پەڕلە(یەکەم دێ پرسیارێ دەکا و دوەم وەڵامی دەداتەوە - وەك ئەوەی ئەگەر مەوعدەکە لە کانێسکان بوایە یەکەم دەیپرسی : ئەرێ ئەمە گەڕەکی حاجی‌حانە ؟! دوەمیان وەڵامی دەدایەوە : نەخێر سەرشەقامە! یا ئا سعات هەشتە ! )(٢) } نهێنی (مطلق)، کەس ( نە هاوەڵ، نە دایك، نە باوك، نە خێزان و نە کەس ) نابێ بەو إنتمایە بزانێ و هیچ قسەو گفتەو کردارێ نابێ بکرێ بۆنی (کاژیك)بوونی لێ بکرێت! و ئەوا بڵاوکراوە یا بەیان

---

(١) کاژیك هەر بەناو سەرکردایەتی بوو، ئەگینا فعلیاً، بەتایبەتی دوای ١٩٧١،هەر(عبدالله ئاگرین) بووەو بەس ... دابویانە دەست ئەو و لە کۆڵ خۆیان کردبۆ، ئەویش بەئیمانەکە(؟ - چاپکار) خۆی وای لێکردبوو!! دەگەڕێتەوە سەر ئەم لایە .

(٢) دەسرێکی بە دەستی چەپەوە و قەڵەمی بە دەستی راست، یا تەزبیحەکەی ئەم دەستاودەست دەکردو خێرا خێرا دەیخستە گیرفانیەوە و شتی لەم بابەتە، کە إیحاکەی لە ئەفلامی جێمس بۆندو چیرۆکە جاسوسی‌یەکانەوە وەرگیرابوون! سیمایەکی یەکترناسینەوەبوون ، پێم‌وایە ئەمەش انطباعێکی (رەهبەت) دەدات بە خەڵکەکە .

( كە ئەسڵەن وجوديان نەبووە، جگە لەو چەند ناميلكەيەی د . نەبەز لە ئەوروپا دەری‌كردبوون و هەندێكی ٩٦٢ و ٩٦٣ كە لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٣ بە دەستخەت ئەم دەست و ئەو دەستی دەكردو لە ريزەكاندا - ناشزانم كام ريز؟ ؟! - و هەريەكەيان عومری ٧،٨ ساڵێ دەبوو(٣) .. بەس ديارە ئێمە وا فێركرابووين و برابۆ مێشكمانەوە كە ئەو شتانە كۆن نـابن و وەكو( قورئان) هی هەموو ( زەمان و مكان) ێكن! ) هەر بەجارێ قـەدەغەيە كەس بيبينێ . يا نـەدەبوايە هيچ بەڵگەو پـارچە وەرەقەيەكيش لای كـەس بمێنێتەوە { هـەميشە ئەو راپۆرت و نوسراوانەی دەهاتنە خوارێ،كە بريتی بوون لە هەندێ تعليماتی (تنظيم) ی - و ئەسڵەن هيچ نەبوون - ... لێيان دەنوسرا : پاش خوێند- نەوەی لە بەرچاوی رێكخەر دەسـووتێنرێ!! } ، حەزدەكەم دەست بۆ ئەوەش درێژكەم كە شەبەنگێكی ئەم جۆرە رێكخستنە لە حيزبی(هيوا)شدا هـەبووە، من بۆخۆم هەندێ كەسم لە (هيوا) نـاسيون كە شتيان بۆ گێڕاومەتەوە زۆر نێزيك بووە لەوەی كاژيك، بەتايبەتی (خاڵم) كە ماوەيەكی زۆر لە هيوادا كاری‌كردبوو و لێپرسراوی نـاوچەی (سورداش) بوو ... بەڵام لەگەڵ هەموو كەم و كورپەكی (هيوا)دا، هيوا زۆر زۆر فراوانتر و شتتر بووە لە(كاژيك)، زۆر غەدر لە كاژيك ناكەم گەر بڵێم - لە رووی رێكخستن و شێوازيەوە - نوسخەيەكی بچكۆلەكراوەو مشوهی هيوا بووە ...

هەر ساڵی ١٩٧٣ بە رێكەوت نوسخەيەكی (محاضر التحقيقات الجنائيه)م دەستكەوت، كە چەند بەرگێكەو باس لەتحقيقات و محاكمە سياسی‌يەكانی ساڵانی ٩٤٨ تا ٩٥٠ دەكات، لە بەرگێكی‌دا زۆر لەسەر سێ‌يەمين‌كۆميتەی ناوەندی‌ی حيزبی شيوعی عـێراقی دەدوێ { كۆميتەی يەكەم ( فهد ، حازم و صارم ) بوون، دوەميان : نازانم كێ صديق بووە . پاش ئەوەی ئەو نازانم‌كێ(صديق)ە دەگيرێ و انهيار دەكات و رێكخستنی حيزبی شيوعی لەبەريەك هەڵدەوەشێتەوە( ساسۆن شلۆمۆ دلال، رفيق چالاك و عبداللطيف البصری (ئەميان متأكد نيم ناوەكەی زۆر تەواو بێت)، ليژنەيەكی قيادی دروستدەكەنەوە و دەكەونەوە كۆكردنەوەی رێكخستنەكە و لە ماوەيەكی كەم دا زۆربەی خەتەكان گرێ‌دەدەنەوەو رێكخستنەكە دەكەوێتەوە سەر پێ ... ديارە كە( رفيق چالاك) دەوری كارگێڕی رێكخستن و كۆكردنەوەو پەيوەندی و ئەمانە دەبينێ، هەموو دەورە( عملی)يەكە ئەو دەيانبينێ و چالاكی‌يەكی زۆرعەنتيكە بە خـەرج دەدات ـ ( سـاسـۆن شلۆمۆ دلال)يان وەك مـەسئولی يـەكەم و مـەسئولی فيكری و رابەری نظری‌ی

---

(٣) وەك ( كاژيك ...(؟ -چاپكار)، كاژيكنامە ١٩٦١!، بين كاژيك والبارزانی١٩٦٨!، بانگی كاژيك ١٩٦٨!، هەمووش، يا زۆربەی، بە دەستخەت ...!

ڕێکخستنەکە دەبێت ...کە لەوێدا بە ( تفصیل) باسی ئسلوبی ساسۆن دەکات ... ئەوەم هەر بۆ ئەوە هێنایەوە کە بڵێم تەقریبەن دەقاودەق ئەو ئسلوبەی ساسۆن لە ( کاژیك)دا بەکاردەبرا (١)، ئەگەر ئەو کتێبە دەستکەوێت وەك ئەوە وایە جامی ڕەسمی کارکردنی کاژیك ببینی . طبعاً ئەوەش کە لەو ساڵانەدا بەسەر(کاژیك) هاتبوو زۆر نێزیك بوو لەوەکەی ئەو ساڵانەی حیزبی شیوعی و ئەوان کە سێ کەس بوون و ساسۆن دینەمۆکە بووە، کاژیك هەر تەنیا کەسێك بوو ( عبداللە ئاگرین) هەر خۆی بووە . من دڵنیام کە(عبداللە) ئەو کتێبەی دیتوەو هەموو شێوەو شێوازە-کانی لەبەرهەڵگرتۆتەوە (٢) ... با اعترافێکی دیکەش بکەم کە بەشێ لەو شێوازە، جا کەم تا کورتێ، لە ئسلوب و ڕەفتاری ئێمەش‌دا ڕەنگی دابۆوە و پێشمانەوە دیارە!،هەر لەبەر ئەوەی ئێمە دەقمان بەو شێوازەوە گرتبوو و ئەو ڕۆژەی ئێمە لەو وەزعە ڕاپەڕین، زیاتر لە ئسلوبی دەستبڕین و چاوبەستەکەو(ئاگرین) و سەرکردایەتی‌یە هەڵاتووە پۆرتکاوەکەی کاژیك هەڵگەڕابوینەوە ( و کاتی ئەوەمان نەبووە و پێم‌وایە عەقڵی ئەوەش کە هەموو شتێکی کاژیك بخەینە بەر مەحەك و شتێکی نوێ نوێ بین، هەر وەکو ئەوەی ویستمان بینایەکی تازەی کاژیك لەسەر ئەو کەلاوە کۆنەی‌هەڵچنین، دیارە کە خشت و داروپەردوەکەی هەر تێ‌دەکەوێ و لەسەر هەمان (أرضیەت) شتێکی نێزیك لەو دەردەچێ، با تەنیا لە ئسلوبی کاریشدا بێت، کە ئەوەیان حەقەن ڕەنگ لە شتی دیکەش‌دا دەداتەوە) ...

ساڵی ١٩٧٣ بوو ( پێم‌وایە نێزیکەی مانگی ٦ بوو) کە نوسراوێکی ( سەرکردایەتی لق!) م بۆ هات کە بڕیاریان دابوو( ترفیع!!)م پێ‌بکەن، لەگەڵ دوو هاوبیری دی‌دا کردبوینیانە (کەرتی آ(؟- چاپکار) کەرتەکە : کاك عوسمان ڕێکخەرمان بوو ـ کاك عوسمان مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو لە سانەوی تیجارەی سلێمانی، کوڕێکی زیرەك و زۆر بەهیممەت، کەمێ توڕە و زبر و زۆر جدی . کەمێ دەماری شێتۆکەیی و توڕەییشی تێدابوو( کە بە داخەوە

---

(١) (ئاگرین) کە چەند مانگێ لە ١٩٧٣دا بووە ڕێکخەرم ، جارێ دوو جار بۆ نمونە باسی (ساسۆن)ی دەکرد ، حەقەن ئەو کتێبەی دیتوەو زۆر شتیشی لێ هەڵگرتۆتەوە، دوور نی‌یە ئەگەر کاژیك پێش ١٩٧٠ ڕێکخستنی بووبێت ( چونکە دوایی دەری‌دەخەم کە گومان لەوە بکرێت پێش ٩٧٠ ڕێکخستنی بووبێ، یا ئەگەر بووبێتی برای هیچ بووە!) نەوعێکی تر بووبێت .

(٢) هەندێ سیمای( الباطنیە- اسماعیلیە بەنگ‌کێشەکان) یش- ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێت - ماکی لە نێو اسلوبی کاری (کاژیك)دا دەدۆزرێتەوە، دوریش نی‌یە ئەویان ( متأصل) نەبێت و هەر لە عەقڵی ( نەبەز) ەوە زەنەی نەکردبێت .

